# بۆچی کشتوکاڵ نەبۆتە سەرچاوەی سەرەکی داهات و خۆبژێوی وڵات؟



هەرێمی کوردستان لەقۆناغی نوێی بونیادناندا پێویستی بەوە هەبوو سەرەتا ژێرخانە ئابوورییەکەی کە بەشێوەیەکی زۆرخراپ وێران کرابوو دووبارە بونیاد بنرێتەوە؛ ئەوەبوو تارادەیەکی باش توانرا ئەولەوییەت بۆ دابینکردنی زۆر پێداویستی گرنگی هاووڵاتیان دابنرێت، هەر لە دابینکردنی کارەباو ئاوی خواردنەوە تا گرنگیدان بە ڕێگاوبانەکان و خزمەتگوزارییەکانی دیکەی شارەوانی، لەگەڵ بەدەستهێنانی بودجەشدا وا پێویست بوو گۆڕانکاری لە پلان و بەرنامە ئابوورییەکانی حکومەت جێبەجێ بکرێت و ڕەچاوی ئەو تایبەتمەندییە بکرێت کە هەرێمەکە هەیەتی و ئاوڕێك بە رووی کەرتە بەرهەمهێنەکان بەتایبەتی کەرتی کشتوکاڵ بدرێتەوە. ئەمەش لەپێناو دابینکردنی ئاسایشی خۆراکیی و گەیشتن بەخۆبژێویی کە ئامانجی هەموو وڵاتێکە کە هەنگاو بەرەو پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ دەنێت؛ چونکە پەرەپێدان پرۆسەیەکی هەمەلایەنەیەو تەنیا بونیادنانی ژێرخان بوارە خزمەتگوزارییەکان ناگرێتەوە. ئەوەبوو پێش ٤ ساڵ لەمەوبەر وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لەم هەرێمەدا پلانی ستراتیژی ٥ ساڵەی بۆ پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ ڕاگەیاند، بەڵام ڕێژەی زیادکردنی بەرهەم و بەرووبوومەکان بەراورد بەساڵانی ڕابردوو بەپێی خواست و ویستەکان نەبوو، بۆ نموونە لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان پێویستی بەزیاتر لە ٦٣٦ ملیۆن هێلکە هەیە کەچی تەنیا ٤٢٠ ملیۆن هێلکە بەرهەم دەهێنرێت. یا ئاستی بەرهەمهێنانی گەنم لە ٣٠٠ هەزار تەنەوە تەنیا بۆ ٤٠٠-٥٠٠ هەزار تەن زیادیکردووە بێ ئەوەی سوودی لێوەربگیرێت لە پیشەسازیی خۆراکی. لەلایەکی دیکەوە بونیاتنانی ژێرخانی کەرتەکەش کەموکوریی بەرچاوی پێوەدیارە هەر لە کەمی پرۆژەکانی سایلۆ و ساردکەرەوەو ئاودێریی و جۆگەوە تا گرنگی نەدان بە پیشەسازیی خۆراکی تا زیادبوونی کۆچی پێچەوانەی گوندنشینەکان.

ئەمە لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان بە وڵاتێکی کشتوکاڵیی دادەنرێت و ژینگەیەکی لەباری بۆ زۆربەی بەرووبوومەکان هەیەو خاوەنی بڕوانامەو توێژینەوەی زانستی زۆریشین، کەچی هێشتا هەرێم نەك تەنیا نەیتوانیوە بگاتە زامنکردنی ئاسایشی خۆراکی بگرە نەگەیشتۆتە قۆناغی خۆبژێویش. بەرەچاوکردنی فاکتەرەکانی پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵیی و ئەو مێژوویەی کە هەرێمەکە لەم بوارەدا هەیەتی بەرادەیەك ئەم سێ پارێزگایەی کوردستان دادەنرا بە سەبەتەی خۆراکی هەر پازدە پارێزگاکەی دیکەی عێراق، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەرێمی کوردستان تایبەتمەندێتی خۆی هەیە بۆ گەشەکردنی کشتوکاڵ، کە لەقۆناغی پەرەپێداندا زۆر پێویستمان پێیەتی، کەواتە هەرێمی کوردستان تایبەتمەندێتیەکی باشی لەکەرتی کشتوکاڵ هەیە و کاتی ئەوەهاتووە نەك تەنیا ژێرخانی کەرتەکە بونیادبنرێتەوە، بەڵکو بەرەو پیشەسازیی خۆراکیش هەنگاو بنێین، بەو پێیەی وڵاتانی دەوڵەمەند وڵاتانی پیشەسازیین هەربۆیە پێویستە پەندی دروست لەئەزموونە سەرکەوتووەکانی وڵاتان وەربگرین بەرەچاوکردنی بارودۆخ و تایبەتمەندێتی هەرێمەکە کە لەرووی پیشەسازیی خۆراکی هەیەتی و لەمەشدا سوود وەرگرتن لەئەزموونە سەرکەوتووەکانی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو گرنگە کە توانیویانە لەهەردوو بواری پەرەپێدانی مرۆیی و بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای پێشکەوتووەوە بواری کشتوکاڵیی بەرەو گەشە ببەن. دەتوانرێت وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو سوود لەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لەجووتیاری کارامەو کادیرە دەرچووەکانی کۆلێژی کشتوکاڵ و نامەو تێزی قوتابیانی خوێندنی باڵا لەو زانکۆیانە وەربگرن، کە ساڵانە ژمارەیەکی بەرچاو لەقوتابیانی کۆلێژەکانی کشتوکاڵ بڕوانامە بەدەست دەهێنن لەبواری دیکەی دوور لە پسپۆرایەتیەکەیان کار دەکەن.

**سوود وەرگرتن لەئەزموونە سەرکەوتووەکانی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو گرنگە کە توانیویانە لەهەردوو بواری پەرەپێدانی مرۆیی و بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای پێشکەوتووەوە بواری کشتوکاڵیی بەرەو گەشە ببەن**

**لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان بە وڵاتێکی کشتوکاڵیی دادەنرێت و ژینگەیەکی لەباری بۆ زۆربەی بەرووبوومەکان هەیەو خاوەنی بڕوانامەو توێژینەوەی زانستی زۆرە، کەچی هێشتا هەرێم نەک تەنیا نەیتوانیوە بگاتە زامنکردنی ئاسایشی خۆراکی بگرە نەگەیشتۆتە قۆناغی خۆبژێویش**





### پرۆفیسۆر دکتۆر کەریم ساڵح عەبدول بۆ (گوڵان):

# ئەندازیارانی کشتوکاڵ هەلی کاریان لە کەرتی گشتی و تایبەت کەمە

# دەکرێت زەویان پێ بدرێت بۆ پرۆژەی کشتوکاڵی

**پرۆفیسۆر دکتۆر کەریم ساڵح عەبدول راوێژکار لەوەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و شارەزا لەبواری کشتوکاڵ، لە وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵان دا، ئاماژەی بە کێشەی کەرتی کشتوکاڵ کرد کە نەتوانراوە لەشێوازە کۆنەکەی دەربازی بێت و سوود لەتوێژینەوەکان وەرنەگیراوە و تەنانەت پلان نییە بۆ راگرتنی بڵانس لەنێوان تەرخانکردنی زەوی بۆ کشتوکاڵ و بیناسازیی، لەم رووەشەوە دەڵێت:(زۆربەی زەوییەکانی دەوروبەری شار بوونەتە زەوی نیشتەجێبوون، بەمەش زیان بەکەرتی کشتوکاڵ کەوتووە)، هەروەها ئەوەی راگەیاند کە ئێستا وڵات هەیە خاك و ئاووهەواکەی بەکەڵکی کشتوکاڵ نایەت کەچی توانیوێتی هەنگاوی باش بنێت و بەرووبوومی کشتوکاڵی بنێرێتە دەرەوە، لەتەوەرێکی قسەکانیشدا ئاماژەی بەوەکرد(ساڵانە لەزانکۆکانی کوردستان ژمارەیەکی زۆری قوتابی ماستەر و دکتۆرا لەبوارەکانی تایبەت بەکشتوکاڵ دەخوێنن و بەشێکی زۆری نامەو تێزەکانیان تایبەتە بەو گیروگرفت و کێشانەی کە رووبەڕووی کشتوکاڵ دەبێتەوە کە دەکرێت سوودیان لێوەربگیرێت. ئەمەش دەقی ئاخاوتنەکەیەتی لەگەڵ گوڵان دا.**

*** وەکو کەسێکی شـــارەزاو پەیوەندار بە بواری کشتوکاڵ دەکرێت بزانین بۆچی لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان بەهەرێمێکی کشتوکاڵی دادەنرێت کەچی کشـــتوکاڵی تێدا ناکرێـــت؟ واتا کێرڤی بەرهەمە ناوخۆییەکان گەر رووی لەداکشـــان نەبێت، ئەوا بەپێی خواست و پێداویستیەکانیش رووی لە هەڵکشان نەکردووە؟**

- کشـــتوکاڵ یەکێکە لەکۆڵەگە هەرە گەورەکانی ئابووری لە زۆر وڵات دا، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە زەوی بەپیت و ئاو و کەش و هەوای پێویستیان هەیە، هەرێمی کوردستانیش خاکی بەپیتی زۆرە و سەرچاوەی ئاوی گونجاوی تێدایە بۆ بەرەوپێشەوەبردنی کشتوکاڵ و زیادکردنی بەرهەمە کشـــتوکاڵییەکان، هەروەها کەشوهەوای زۆر لەبـــارە بۆ چاندن و وەبەرهێنانی چەندین دانەوێڵەو ســـەوزەو میوە لە وەرزەکانی ســـاڵدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا دەبینین ئاستی بەرهەمەکانی کشـــتوکاڵ لە کوردستاندا لە ئاستی پێویست نییە، دەکرێت هەندێ لە هۆکارەکانی بگەڕێتەوە بۆ:

١. کەمبوونەوەی ئەو خەڵکانەی کە گوندنشینن یا سەرقاڵی ئیش و کاری کشتوکاڵن، ئەمەش چەندین هۆکاری هەیە لەوانە (کۆبوونەوەی چڕی دانیشـــتوان لە شـــارە گەورەکان و شارۆچکەکان، لەکاتێکدا پیشـــەی کشـــتوکاڵیی وادەخوازێت کە ئەوەی کاری کشتوکاڵیی دەکات دەبێت لە هەموو کاتەکاندا بەتەنیشتیەوە بێت).

٢. بڕوانەکـــردن بەوەی بەرهەمی کشـــتوکاڵی وەکو ســـەرمایەی سەرەکی ژیانە کە لەزۆربەی زۆری حاڵەتەکاندا داهاتێکی کەمی لێدەکەوێتەوە بەبەراورد بەبوارەکانی دیکە.

٣. رەخساندنی بواری دیکە بۆ گوندنشینان و ئەوانەی کار لەبواری کشـــتوکاڵدا دەکەن؛ وەکو دامەزراندن بەفەرمانبەر و خزمەتگوزار و کارکردن لـــە بوارەکانی دیکەی کەرتی تایبـــەت، ئەمانەش بۆتە هۆی بەجێهێشتنی ئیشوکاری کشتوکاڵی.

٤. هەبوون و بەرهەمەکانی کشـــتوکاڵی لەبازاڕەکاندا بەشێوەیەکی هەمیشـــەیی؛ ئەمەش بەهۆی هاوردەکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییە جیاجیاکانە لە دەرەوەی وڵاتدا کە دەبێتە هۆی پاشەکشە و دڵەڕاوکێ بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمە خۆماڵیەکان لەلایەن جووتیارانەوە.

٥. نەبوونی بیرۆکەی داهێنەر لەلایەن زۆربەی جووتیارانەوە، بەڵکو بەشـــێوازی کۆن و تەقلیدی کاردەکەن کە نابێتە هۆی پێشکەوتنی بەرچاوی کەرتی کشوکاڵ.

٦. ســـوود وەرنەگرتن لەتوێژینەوەکان کە بـــڵاو دەکرێتەوە لەلایەن پســـپۆرانی بوارە جیاجیاکانی کشـــتوکاڵ، بەڵکو ئەو توێژینەوانە بەبێ بەپراکتیکردنی دەمێننەوە..

٧. چەندین ســـاڵە بەتایبەتی لـــەدوای راپەڕین بواری خوێندن بۆ منداڵان لە هەرێمی کوردســـتان رەخســـاوە؛ بۆیە کەم خێزان هەیە منداڵیـــان لە قۆناغەکانی ئامادەیی و زانکۆ و پەیمانگا نەخوێنن، ئەمەش وایکردووە کە زۆربەی دانیشتوان روو بکەنە شارەکان.

*** گەیشتن بە خۆبژێوی؛ پەیامیی سەرەکی ئەو پلانە ستراتیژییە پێنج ســـاڵییەی وەزارەت بوو، دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ دەکرێت هەڵسەنگاندنێکی زانستی بۆ بکرێت؟**

- وەڵامی ئەم پرســـیارە بۆ ئەو بەڕێزانە بەجێدەهێڵین کە لەبواری جێبەجێکردنـــی پلانەکەدا کار دەکەن، بـــەڵام بە تێکڕا ئاماژە بەوە دەکەین کە لەکاتی پلان دارشـــتندا پێویستە بە وردی واقیعی حاڵ دیراسە بکرێت بە پشتبەستن بەداتاو زانیاری ورد بۆ دەستنیشانکردنی خاڵـــە بەهێز و لاوازەکان، ئینجا ئاراســـتەکان دەستنیشـــان بکرێن کە گرنگیان هەیە، لەپاشـــاندا پـــرۆژەو پرۆپۆزەل بۆ جێبەجێکردن لەماوەی دیاریکراودا ئامادە بکرێن، هەروەها لەکاتی جێبەجێکردنی

پلانەکەش دەبێت چاودێری ورد هەبێت بۆ بەدواداچوون بەمەبەستی دەستنیشـــان کردنی ڕێژەی جێبەجێکراو و ئەگەر پێویستیش بکات ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە سنوورێکی گونجاودا.

*** وڵاتانی دەوڵەمەند ئەو وڵاتانەیە کە روویان کردۆتە پیشەسازیی، لەهەرێمی کوردستانیشـــدا بەسەدان کۆمپانیاو سەرمایەدار بوونیان هەیـــە کە دەکـــرا روویان لەکەرتی پیشەســـازیی کشـــتوکاڵی یا پیشەسازیی خۆراکی بکردایە؛ بۆچی وەبەرهێنان یاخود پیشەسازیی کشتوکاڵی لەم هەرێمەدا دروست نەبووە؟**

- پیشەســـازیی خۆراك یا پیشەسازیی کشتوکاڵی گرنگیدانە بەو پیشەسازییانەی پەیوستن بە خۆراك و کشتوکاڵەوە، لێرەدا پیشەسازیی بەدوو جۆر تێکەڵە لەگەڵ کشـــتوکاڵ؛ یەکێکیـــان وەبەرهێنانە لە ڕێگەی پیشەســـازییەوە بۆ نموونە چاندن بە بەکارهێنانی ئامرازی پیشەسازی وەکو چاندن لە خانووی شووشەو پلاستیك یا هەر جۆرە بەکارهێنانێکی پیشەســـازی لەبواری کشـــتوکاڵدا بە بەکارهێنانی تەکنیکی جۆراوجـــۆر، ئێمە لەمبـــوارەدا کەموکورتیمان زۆرە کە هەندێك لەو کەموکوڕییانە دەگەڕێتەوە بۆ ئاســـتی جووتیارەکان، چونکە ئەمجۆرە وەبەرهێنانە کارامایی و رۆشنبیرییەکی پێویستە بۆ بەکارهێنانـــی، هاوکات لەوانەیە هەموو پێداویســـتییەکی لەو بابەتە لە هەموو شوێنێك و کاتێکدا بەردەست نەبێت. جۆری دووەم مەبەســـت لێی ئەوەیە کە بەرهەمەکانی کشتوکاڵ بچنە پرۆسەی پیشەســـازییەوە وەکو دروستکردنی دۆشـــاوی تەماتە لە تەماتەی خۆماڵی و دەرهێنانی رۆن و زەیت لە گوڵەبەڕۆژەو زیتون و... تاد، ئەمەشیان پێویست دەکات کە کارگەی پێویستیان بۆ دابمەزرێنرێت و تەکنیکاری پێویستیان بۆ دابین بکرێت.

*** بۆچی لەکوردستان زەوی تەنیا بۆ نیشتەجێبوون بەکاردەهێنرێت بەتایبەتی لەدەشـــتەکان، لەکاتێکدا وا پێویســـت بـــوو بۆ کەرتی کشتوکاڵی تەرخان بکرایە؟**

- لەبـــەر ئەوەی هەرێمی کوردســـتان لەگەشـــەکردندایە لەڕووی بیناســـازیی بەهۆی زیادبوونی دانیشـــتوان، بۆیـــە بەتێکڕا ئەو زەوییانەی کەوتوونەتە دەوروبەری شـــارەکان دەخرێنە ســـەر زەوی نیشـــتەجێبوون، بەڵام پێویســـتە پلانێك هەبێت بۆ بڵانس ڕاگرتن لەنێوان زەوی کشـــتوکاڵیی و ئەو زەویانەی کە بۆ نیشـــتەجێبوون تەرخان دەکرێن.

*** هەســـت ناکەیت کۆلێژی کشتوکاڵی کە ئێستا لەناو سەنتەری شارە وا پێویســـت بوو لەدەرەوەی شـــار بووایە خاوەنی مەشتەل و تاقیگەی پێشـــکەوتوو بگرە کێڵگەکانـــی بەرهەمهێنانی نەمام و میوەجات بووایە؟**

- لەکاتێك کە کۆلیژی کشـــتوکاڵ لە ســـەنتەری شار بێت یا لە دەرەوەی شار بێت، خاڵی باش و خراپی هەیە ئەگەر هەر کۆلیژێك یان تەنانەت زانکۆ لە دەرەوەی شـــار بوو ئەوە پێویستە لەو شوێنە پێداویستییە ســـەرەکییەکانی بۆ دابین بکرێت، ئەوە لەکاتێکدا ئەو پێداویســـتییە بنەڕەتیانە نەبوون ئەوا گرفتی دیکە دروست دەبێت، هەروەها دەکرێت کۆلیژێکی ئـــاوا لەگەڵ کەمپی کۆلیژەکانی تر دابێت بەمەبەســـتی ســـوود وەرگرتن لە تاقیگەو ئامێر و توانای بەش و کۆلیژەکانی دیکە، بەڵام لەو حاڵەتەشـــدا ناکرێت کۆلێژی کشـــتوکاڵ نەمامگەو کێڵگەو تاقیگەی پێشـــکەوتووی نەبێت، چونکە قوتابیانی پێویستی بەمەشـــق و ڕاهێنانی بەردەوام هەیە، هاوکات توێژینەوەی زانستی تێدا ئەنجام بدرێت.

*** ســـاڵانە ژمارەیەکی بەرچاو لەقوتابیانی کۆلێژەکانی کشتوکاڵ بڕوانامـــە وەردەگرن؛ بەڵام لەبەرنەبوونـــی کۆمپانیاو دامەزراوەی تایبەت بەکەرتی کشتوکاڵ زۆربەیان بێکار دەمێننەوە یا لەبوارێکی دوور لەپسپۆڕایەتیان کار دەکەن، بەرای بەڕێزت چۆن سوود لەتواناو بەهرەی ئەو قوتابییانە وەربگرین؟**

- بەو پێیەی هەلـــی کار لەهەردوو کەرتی تایبەت و حکومی بۆ دەرچووانی کۆلێژەکانی کشتوکاڵی کەمە؛ بۆیە دەکرێت لەڕێگای تەرخانکردنی زەوی کشتوکاڵی بۆ دەرچووانی کۆلێژی کشتوکاڵ و پشـــتگیرییان لە جێبەجێکردنی پرۆژە کشتوکاڵییەکان زیاتر هەلی کاریان بۆ بڕەخسێنرێت.

*** ئایا سوود وەرنەگرتن لەتوێژینەوە زانستیەکان و بە پەراوێزخستنی نامـــەو تێزەکانی تایبـــەت بەبوارەکانی کشـــتوکاڵی بۆ نەبوونی پەیوەندی لەنێوان وەزارەتی کشـــتوکاڵ و کۆلێژەکانی کشـــتوکاڵی دەگەڕێتەوە؟**

- ساڵانە ژمارەیەکی باش لەتوێژینەوەی زانستی لەلایەن پسپۆڕانی بەتوانای زانکۆکانی کوردســـتان ئەنجام دەدرێت کە زۆر دەگمەن ئەنجامی ئەو توێژینەوانە گەیشـــتوونەتە کێڵگەو کارگەکانمان، لەکاتێکدا دەکرا ســـوودی باشـــی لێوەربگیرێـــت و بچێتە بواری پراکتیکیەوە، بۆیە پێویستە لەڕێگای لیژنەیەکی پەیوەندارەوە ساڵانە چەنـــد توێژینەوەیەك هەڵبژێردرێـــت و بدرێتە چەند جووتیارێکی کارامە بۆ ئەنجامدانـــی توێژینـــەوەکان لەکێڵگەکانی خۆیانداو ڕاپۆرتیان لێوەربگیرێت بۆ دەرخســـتنی سوودی جێبەجێکردنەکە، دەکرێت توێژەوەرەکانیش بەشـــداریان پێبکرێت لەسەرپەرشـــتی و جێبەجێکردنـــی ئەنجامـــی توێژینەوەکانیـــان. ئەزموونی وڵاتان لەمبـــوارەدا زۆر دەوڵەمەنـــدە بۆ نموونە پـــرۆژەی (چاندن بەبێ گڵ) کە پرۆفیسۆر کۆپەڕ لەساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لەوڵاتی ئینگلســـتان دایهێناو ئەنجامێکی باشی لێ بەدەستهاتوو بەسەر جووتیارەکانی وڵاتەکەی گشـــتاندی، چونکە بەو شێوازە هیـــچ پێویســـتیت بەخاك نییە کـــە رووەکی تێـــدا بڕوێت جگە لەوەی ئاوێکی کەمت پێویســـتە بەڵام پێداویستی دیکە پێویستە دابینبکرێت بۆ ئەمجۆرە کشـــتوکاڵە، ئەوەبوو دواتر ئەم تەکنیکە بەســـەر وڵاتانی جیهاندا بڵاوبـــووەوە بەرادەیەك وڵات هەیە لەبەر خراپـــی خاك و ئاووهەواکەی هیچ بەرووبوومی ســـەوزەی نەبووە کەچی ئێســـتا بەرهەمی سەوزە هەناردەی دەرەوەی وڵات دەکات. دەکرێت ئەو توێژینەوانە ڕاستەوخۆ لەهەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێت و بواریان بۆ بڕەخسێنرێت و ببنە بنەمایەك بۆ پێشکەوتنی بوارە جیاجیاکانی کشـــتوکاڵ. لێرەدا پێشـــنیار دەکـــەم وەزارەتی کشتوکاڵ و ســـەرچاوەکانی ئاو ساڵانە هەڵبستێت بەئامادەکردنی هێڵە سەرەکیەکان کە بریتین لە: ئەو کێشەو گرفتانەی دێنە بەردەم کشتوکاڵ و ئاراستەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو زانکۆکانی بکەن لە پێناو پێکهێنانی تیمی هاوبەش و بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئەو هێڵە سەرەکییانە و تەنانەت شارەزایانی بوارە جۆراوجۆرەکانی تایبەت بەکشـــتوکاڵ ڕاوێژیان پێبکرێت. لەلایەکی دیکەوە ساڵانە ژمارەیەکی بەرچاو لەقوتابیانی خوێندنی باڵا لەزانکۆکان ماستەرو دکتۆرا دەخوێنن و بەشـــێك لەخوێندنەکانیان بریتیە لەئامادەکردنی نامەو تێزی تایبـــەت بەگیروگرفتە کشـــتوکاڵیەکان کە دەکرێت سوودیان لێوەربگیرێت.

بەمشێوەیە دروشـــمی (زانکۆ لەخزمەت کۆمەڵگەدایە) دێتەدی. لەلایەکی دیکەوە ناکرێت کۆلیژی کشـــتوکاڵ نەمامگەو کێڵگەو تاقیگەی پێشـــکەوتووی نەبێت، چونکە بۆ قوتابیانی پێویســـتی بەمەشـــق و ڕاهێنانی بـــەردەوام هەیـــە، هـــاوکات توێژینەوەی پێشکەوتووی زانستی تێدا ئەنجام بدرێت.

**رەخساندنی باشترین هەلی کار بۆ دەرچووانی کۆلێژەکانی کشتوکاڵ بە تەرخانکردنی زەوی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە کشتوکاڵییەکانیان دەبێت**

**ساڵانە بەشێک لە نامەو تێزی قوتابیانی خوێندنی باڵا تایبەتە بەگیروگرفتە کشتوکاڵییەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی؛ کە دەکرێت سوودیان لێوەربگیرێت**

**لەکاتی پلان دارشتندا پێویستە (واقیعی حاڵ) بەوردی دیراسە بکرێت بە پشت بەستن بەداتاو زانیاری ورد بۆ دەست نیشانکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکان.**

**ناکرێت کۆلێژی کشتوکاڵ نەمامگەو کێڵگەو تاقیگەی پێشکەوتووی نەبێت**